## سەركەوتنی بزووتنەوەی حماس یان دابینكردنی بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا؟ ... جەمال عەزیز

بەرژەوەندیە سیاسیو ئابوریەكانی ولآتانی زلهێز لەرۆژهەلآتو رۆژهەلآتی ناوەراست بەتایبەتی بەشێوەیەكی بیردۆزەیی ئالۆز بووە، پێویستی بەلێتێرامانو شیكردنەوەی ورد هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لایەنی باشەو خراپە، لایەنی دۆراو براوەی تێدا دەست نیشان بكەین، ئاشكرایە لەدوایی سالّی 1990ە وەو لەدوایی نەمانی بلۆكی رۆژهەلآتو بەجیهانگیری ئەمەریكایو بالآدەستی لەرووی سەربازیو سیاسیو ئابوریەوە سەردەمێكی هێندە لەبار هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی هەرچی بیانەوێو لەبەرنامەیاندا بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیان زۆر بەئاسانی ئەتوانن وەك نێچیر راوی بكەن بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ رێگریەك بكەن. لەرۆژگاری ئەمرۆماندا لەنێوخودی ولآتی ئەمەریكا دەنگێك هەیە كە نارازیە بەشەری ئەمەریكا لەگەلّ هەرولآتێكی تری جیهاندا ئەودەنگە نارەزایەی نێو ئەمەریكا وایدەبینن كەرێگەی ترهەیە دەسەلآتدارانی ئەمەریكی بەرژەوەندیەكانیان بپارێزنو بالآدەستیان بسەپێنن بەسەرجیهانداو دووربێت لەشەرو جەنگو كوشتار ئەویش رێگەی سیاسیو ئابوریو دیبلۆماسیەت كەئەمرۆ رۆلێكی بەرچاو دەگێرێ.

كێشەی ئێرانو سوریاو توركیا فەلەستین كێشەیەكی نوێ نیە لەتێروانینی ئەمەریكاییەكانەوە لەمێژە ئیسرائیلو فەلەستینیەكان لەیەكتری دەكوژن زەوی دەفرۆشنو زەوی دەكرن بەلآم هیچ كامیان نەیتوانی بەرامبەرەكەی لەناوببات، ، لەئەنجامی ئەو ناكۆكیو كوشتارانە چەندین گروپی توندرەو شێوە تیرۆرست دروست بوو لەناوچەكەدا یەكێك لەو گروپانە بزووتنەوەی حماسی ئیسلامی فەلەستینیە كە لەئەنجامی باوەر نەهێنان بەولآتی ئیسرائیلو كارو كردەوەی خۆكوژیو توندرەوی بەرامبەر بەئیسرائیلو بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا لەناوچەكەدا ناوی خراوەتە نێولیستی گروپە تیرۆرستیەكانەوەو ئەمەریكاو ئیسرائیلو ولآتانی ئەوروپی بەچاوێكی نەگونجا سەیری دەكەن، لەئەنجامی ئەو تێروانینە نێگەتیڤەی ئەمەریكاو ئەوروپیەكان بزووتنەوەی حماس زیاتر پالّی دابەپالّ ولآتانی دژ بەئەمەریكاو ئەوروپا كەلەمێژە حەزبەیەك ناكەن وەك ئێرانو سوریا، هەرلەئەنجامی ئەو پشتگیریانەی كەئێرانو سوریا هەیانبوو بۆ بزووتنەوەی حماس توانیان مەرجەكانی خۆیان بسەپێنن داواكاریەكانیان جێبەجێ بكات یەك لەو داواكاریانە اعتراف نەكردن بوو بەئیسرائیل وەک ولآتو كیان هەروەها ئەنجامدانی كاری خۆكوژی لەنێو خاكی ئیسرائیلو هەراسان كردنی جوولەكەكانی ئیسرائیل، ، بۆ رێگەگرتن لەكاری تیرۆریستی بزووتنەوەی حماس لەنێوخاكی ئیسرائیل بۆ پاراستنی جوولەكەو بۆ دابرانو دوورخستنەوەی بزووتنەوەی حماس لەئێرانوسوریاو ولآتانی كۆمەک بەخش بەو بزووتنەوەیە پێویستە كەئەمەریكاو ئەوروپاو چاوێک بەرابردوودا بخشێننەوەو سیاسەتێكی تر پەیرەو بكەن تاكو وەک كورد ئەلّێ بەبەردێک دوو چۆلەكە بكوژن.

**-1**پاراستنی جوولەكەكانی ئیسرائیلو دوور خستنەوەیان لەكاری تیرۆرستی و باوەرهێنانی بزووتنەوەی حماس بەجوولەكە وەک كیانو وەک دەولّەت.

**-2**دابرانو دوورخستنەوەی بزووتنەوەی حماس لەولآتانی ناوچەكە وەک ئێرانو سوریا تاكو لەهێرشی سیاسیو دیبلۆماسیو ئابوری لەلایەن ئەمەریكاوە بۆ سەر ئەو ولآتانە بۆ ئەوەی

بزووتنەوە نەبێتە بەرگری بۆ ئەو وڵاتانەی کەئەمەریکاو ئەوروپپیەکان لەبەرنامەیاندایە دەست تێوەردانی تێدا بکەن.

هەڵبژاردن لەفەلەستینو بەشداری کردنی بزووتنەوەی حماس لەوهەڵبژاردنەدا لەمێژبوو لەلایەن ئەمەریکاوە بەرنامە ڕێژی بۆکرابوو هەروەها ئەتوانین بڵێین کەدەرئەنجامەکەشیان بەڕوونی ئەزانیو هەرگیز ڕێگرنەبوون لەبەردەم سەرکەوتنی بزووتنەوەی حماس لەوهەڵبژاردنەدا لایەنی بزووتنەوەی فەتحو ڕزگاری خوازی فەلەستینی ئاگادار بوون لەو سیاسەتەی کەلەلایەن ئەمەریکا داڕێژراوە بۆ خستنە ژێربارەوە هەروەها بۆ ئەوەی ئەوئاگرەی کە ئەمەریکا لەنێو خاکی فەلەستیندا کردویەتیەوە بزووتنەوەی فەتح نەسووتێنێ ئەوا بزووتنەوەی فەتحو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەئاشکرا ڕایگەیاند کەئامادەنین لەگەڵ بزووتنەوەی حماس حوکمەتی ئایندەی فەلەستین پێکبهێنن لەکاتێکدا لە42% ی کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەست هێناوە هەروەها ڕێگەیان چۆڵکرد بۆ بزووتنەوەی حماس کەحوکمەت پێکبهێنێ لەزووترین کاتدا بۆ ئەوەی بەزووترین کات سەرانی بزووتنەوەی حماس هەست بکەن کەئەوسەردەمانەی بزووتنەوە لەڕیزی بەهەڵستکاریدابوون چۆن بوونو ئێستاش کەحوکمەت پێک ئەهێنن چۆنن تاکو بزانن زەحتی دەرەکی چۆن ئەتوانێ پشتیان پێنەوی بکاتو بەئاسانی مل کەچی بڕیارەنێودەوڵەتیو ناوخۆییو ناوچەییەکان بن، ، لەخۆڕائەم قسەیەناکرێ کاتێک بزووتنەوەی حماسی ئیسلامی لەڕیزی بەرهەڵستکاران بوون بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان نەدەهێنا کەوڵاتێک هەیە ناوی ئیسرائیلەو کیانو نەتەوەیەکی جوولەکەش هەیە ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەک دانیشتن بکەنو درێژەبەگفتوگۆ بدەن لەبری خۆکوژیو تەقینەوەو هێرشی ساروخیو سەربازی، بەڵام ئەمڕۆ لەدوای ئەوەی لەهەڵبژاردن سەرکەوتن ئەبێت حوکمەت پێکبهێننو خاوەنی سیاسەتو دبلۆماسیەتی ناوخۆییو دەرەکی بن لەسەر ئاستی جیهان بەگشتیو ناوچەکە بەتایبەتی، لەبەرئەوەی ئیسرائیل وەک دەوڵەت ناسراوە هەروەها خاوەن پەیوەندی سیاسیو ئابوریو دیبلۆماسیە خاوەنی هێزێکی سەربازی بەرچاویشە کەواتە بزووتنەوەی حماس لەئایندەدا ناتوانی فەرامۆشی ئەو هەموو بنچینەییانەی پێکهاتەی دەوڵەتی ئیسرائیل بێت، بزووتنەوەی حماس تاکو لەڕیزی بەرهەڵسکاریدا بوو وەک بزووتنەوەیەکی تیرۆرستی چاوی لێدەکرا زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپی ئاسیاییو ئەمەریکا ئامادەنەبوون هیچ جۆرەپەیوەندیەکی لەگەڵدا ببەستن بۆ ئەوەی ئەوپەیوەندیانە بگێڕێتەوە بۆ خۆی پێوویستە بزووتنەوەی حماس وازلەکاری تیرۆرستی بهێنێو ئەبێت هەڵوێستی ڕوونو ئاشکراشی هەبێت بەرامبەر بەکاروکردەوەی تیرۆرستی ئەگەروانەکات دابڕاو ئەبێت لەکۆمەڵگایی مرۆڤایەتی.

ئاشکرایە کەئەمەریکاو ئەوروپپیەکان بڕێک پارەیان واککۆمەک بۆگەلی فەلەستینیدابین کردبوو کەساڵانە ئەدرابەحوکمەتی فەلەستینی بۆ ئەوەی بژێوی فەلەستینیەکانی پێدابین بکرێ هەرچەندەلەبەرامبەردا زیاتر کۆمەکی ئیسرائیل دەکرا نەک تەنها لەڕووی ئابووریەوە بگرە لەڕووی سەربازیو ئیداریو سیاسیەوە ئیسرائیلیەکان کۆمەکیان زیاتر دەکرێت، بەڵام ئەم کۆمەکە وەک وەرەقەیەکی زەخت ئەمڕۆ لەلایەن ئەمەریکاوە بەکارئەهێنرێ دژبە حوکمەتی ئایندەی فەلەستینیەکان بۆ ئەوەی بزووتنەوەی حماس لەوهەڵوێستەی پێشووی پاشگەز بێتەوە کەبەرامبەربەئیسرائیلیەکان پیادەی دەکات، ئەم سەرکەوتنەی بزووتنەوەی ئیسلامی فەلەستین (حماس) هەڵپەرکێو زەماوەندی سەرکەوتنی ئەمەریکایە لەناوچەکە بەڵام سەرچۆپی دراوە بەبزووتنەوەی حماس بۆ ئەوەی باش

هەڵپەڕێ لەژێرئەوچەترەی کەلەئاییندەدا ئەمەریکا لەناوچەکەدا هەڵی ئەدا بۆئەوەی ئەو وڵاتانەی چەندین ساڵە بەهەموو شێوەیەك کۆمەکی حماس ئەکەن‌و گەورەی ئەکەن ئەمڕۆ لەسایەی گەشتن بەدەسەڵات‌و پێکهێنانی حوکمەت وڵاتانی کۆمەك بەخش بەبزووتنەوەی حماس مایە پووچ ببن.

ئاشکرایەکە بزووتنەوەی حماسی ئیسلامی دەرپۆقیوی ئەوکێشەیەیە کەلەنێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەلایەك‌و ئێران‌و سوریاو تورکیاو چەند وڵاتێکی تری جزیرەی عەرەبی لەلایەکی تردا هەیە هەروەها لەئەنجامی لاواز بوونی بزووتنەوەی فەتح لەبەرامبەر ئیسرائیل‌و پاشکەوتەیی کێشەی فەلەستین لەبەرامبەر جوولەکە ئەم بزووتنەوەیە پەیدا بوو بۆ ئەوەی ئەو هیواو ئاواتەی کەفەلەستینیەکان بەبزووتنەوەی فەتحیان نەمابوو ئەمان لەلایان دروستی بکەنەوە و کێسەی نەتەوەی‌و سەربەخۆیی‌و دینی تێکەڵ بەیەك بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەردی ساردی سەر ڕێگایی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بوون لەناوچەکەدا بەڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناوزەندکران ئەمڕۆ حماس بەڕێگەی دەسەڵات‌و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئەخرێتە ژێر باری پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکاوئەوروپا، بۆ ئەوەی ناوی لەناولیستی گروپەتیرۆرستیەکان دەربکرێ پێویستەکە وەک باقی گروپ‌و لایەنەکانی تر پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بێت هەروەک ڕێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێرانی لەڕیزی گروپەتیرۆرستیەکان دەربهێنرێ کەگوایە بەچاوخشاندنەوە بەڕابردوودا دەرکەوتوە کە مجاهدینی‌خەلق گروپی تیرۆرستی نیە بەڵام ئەم سیاسەتەش بەهەمان شێوە وەشاندنی گورزێکە لەپشتی وڵاتی ئێران بەرامبەر بەسوریاش کێشەی (ڕەفیق حەریری‌و نەبوونی ئازادی سیاسی‌و بوونی زیندانی سیاسی ئەکرێت بەگورز بۆپشتی حوکمەتی سوریا، هەروەها کێشەی بوون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپاو نەبوونی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ ئەکرێت بەگورز بەهەمان شێوە بۆ پشتی حوکمەتی تورکیا، لەم ڕوانگەیەوەو تێڕوانینمان بۆ ئاڵۆزی ناوچەکەو شەقامی ئەمەریکی دژبەشەڕ ئەگەینە ئەوباوەڕەی کەئەمەریکاو ئەمەریکاییەکان ئەیانەوێ لەڕووی سیاسی‌و ئابووری‌و دیبلۆماسیەوە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن لەناوچەکەدا، ، هەرچەندە ڕژێمی سەرمایەداری ئەمەریکی هەرگیزاو هەرگیز اعتراف ناکات بەشکست‌و دۆڕاندنیان لەڕووی سەربازیەوە لەجیهاندا.

کەواتە بزووتنەوەی حماس‌و سەرکەوتنی لەهەڵبژاردن‌و پێکهێنانی حوکمەتی نوێی فەلەستین لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە دانپیانانێکی چاوەڕوان کراوە بەحوکمەتی ئیسرائیل لەئاییندەدا بۆ مانەوەو بەردەوام بوونی ئەو بزووتنەوەیە لەسەرکورسی دەسەڵات بۆ ئەوەی ئەو حوکمەتە چاوەڕوان کراوەی ئاییندەی فەلەستینیەکان هەربەکۆرپەیی نەمرێ ئەبێ بزووتنەوەی حماس لەسەر مێزی گفتوگۆکان لەگەڵ دەوڵەتی جوولەکەکاندا دابنیشێ‌و باسی گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی‌بکات ئەگەر ئەم بەرنامەیەلەئارادا نەبوایە هەرگیزاوهەرگیز عەرەبەکانی ژێردەسەڵاتی ئیسرائیل ڕێگەیان نەئەدرا بەشداری دەنگدان بکەن. .